


# چاوخشاندنێک بە مۆبایلی هۆشمەندی OPPO N1 mini دا

کۆمانپای ئۆپۆ هەر لەخۆیەوە ناوی مینی واتە بچووکی بەسەر هاندی هۆشمەندی oppo N1 mini بڕیوە. چونکە مۆبایلێك 6 ئینج بێت مینی چ مانایەکی دەبێت. ڕەنگە کۆمپانیایەکە بە بەراورد بە ڤێرژنی پێشـــووتر کە شـــەش ئینج بوو ئەمەیان بە مینی دابنێت.

شاشـــەی ئەم هاندە هۆشـــمەندە لە جۆری HDیە. یـــەك گیگابایت رامەکەیتی، سیســـتەمێکی تایبەتی لەسەرە کە بەناوی Color OS ناسراوە، خاڵی سەرنجڕاکێش لەم هاندەدا ئەوەیە کە کامێراکەی بە دەوری خۆیدا دەســـووڕێتەوە و 13 میگاپیکسلە و بۆ وێنەگرتن بۆ بەکارهێنەرەکەی گونجاوە.



# چیمەنیش ئامێرە دیجیتالییەکان شەحن دەکاتەوە

کاتێك ســـەردانی پارکێك دەکەی یان دەچیتە سەیرانگایەك لەناکاو شەحنی کامێـــرا یان مۆبایـــل یان لاپتۆپەکـــەت دادەبەزێت، ئەوکات یان دەبێ ســـەیران و گەشتەکەت تێك بدەی و بە دوای شوێنێکدا بگەڕێی کە ئامێرەکانت شەحن بکاتەوە یان دەبێت واز لە شەحنکردنەوە بینی. لە هەندێك وڵاتی جیهاندا لە پارکەکان شوێن داندراوە بۆ شـــەحنکردنەوە، بەڵام لەلای ئێمە ئەوە نییە، بۆیە حەز دەکەی و بە ئاواتی هەر کامێراکەت فڕێدابایـــە ناو چیمەن و فریزی پارکەکە و خۆی ئۆتۆماتیکی شـــەحن ببێتەوە. بەڵام ئەم ئـــارەزووە ڕۆژێك دێتـــە دی هەروەك ئەو ئامێرەی کە وێنەکەی لێـــرەدا دەبینن، ئەم ئامێرە هەرچەندە بچووکە بەڵام هەم دیکۆرێکی سەرنجڕاکێشـــە لـــە ماڵەوە هەمیش ئامێرەکان شـــەحن دەکاتەوە، ڕەنگە ڕۆژێك دابێت چیمەن و فریزی پارك و سەیرانگاکانیش وا بێت و ئامێرەکان شەحن بکاتەوە.






# گیگابایت و ئامێرێک بۆ شەحن کردنەوە

گیگابایت ناوێك نییە بۆ یەكەیەكی پێوانەی داتاكانی كۆمپیوتەر، بەڵكو ناوی كۆمپانیایەكی مەزنە كە چالاكی كۆمپانیاكە زیاتر لە بەرهەمهێنانی كارتی گرافیكیدا چڕكراوەتەوە، لەم دواییەدا هەوڵیداوە چالاكییەكەی خۆی هەر لەم بوارەدا نەبەستێتەوە و ئامێری گرنگی دیكەش بەرهەم بێنێ، وەك ماوس، كیبۆرد، مۆبایل، تەبلێت و كامێرا..تاد. لەم دواییشەدا گیگابایت نوێترین پاوەر بانكی (power bank) ی بەرهەم هێنا كە بۆ شەحنكردنەوەی سەفەری واتە پورتێبڵ كەڵكی لێوەردەگیردرێت. شەحنكردنەوەی سەفەری جۆری TINT G1BC لە چەندین باتری Li-Ionی ژاپۆنی كە دابەزینیان خێرا نییە سوود وەرگیراوە، بەهۆی ئەم پاوەربانكەوە دەتوانرێت 14 كاتژمێر وزەت هەبێت. چوارجار هەتا پێنج جار مۆبایلی پێ شەحن دەبێتەوە. لە یەك كاتدا دوو ئامێر پێكەوە شەحن دەكاتەوە. شاشەیەكی لەسەرە كە رێژەی شەحن بوونەوەكەی نیشان دەدات و چەندین رەنگی تایبەتی هەیە.




# فیلمەکانتان لەسەر قایشی پانتۆڵ ببینن

كورد گوتەنی هەر ئەوە مابوو، بەڵێ هەر ئەوە مابوو كە سەری قایشی پانتۆڵەكەت ببێتە تەلەفزیۆن و تێیدا سەیری فیلم بكەی. سەری ئەم قایشە ئامێرێكی بڵاوكردنەوەی فیلم و دەنگە، بەكارهێنەرەكەی دەتوانێت ئەوكاتەی لە شوێنێك دانیشتووە بەهۆی شاشەی سەر قایشەكە سەیری ئەو فیلمانە بكات كە لەسەر میمۆری كامێرا یان مۆبایلەكەیەتی. كۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئەم قایشە وای بۆچووبوو كە خوازیاری زۆر دەبێت، بەڵام لەلایەن گەنجانەوە زۆر پێشوازی لێنەكرا، ناحەقیش نەبوو خۆ ناكرێ بەرێگادا بڕۆی و سەیری سەرەقایشی پانتۆڵەكەت بكەی!



# کامێرا بۆ بەرگری و وێنەگرتن

گەر سەیری ئەم وێنەیە دەكەی و پێتوایە دەمانچەیەكە و بۆ بەرگریكردن لەخۆتە، نەخێر بەم شێوەیە نییە. ئەمە كامێرایەكی 16 ملمیە. كە لەلایەن كۆمپانیای دۆریای ژاپۆنی چێكراوە، كامێراكە لە دەمانچە دەچێت و بۆ ئەوەیە كاتێك كێشەكەت بۆ هاتە پێش و پێویستی كرد بەرگری بكەی دەمانچەكە دەربینی و بەڵام نەك بۆ تەقە كردن، بەڵكو بۆ وێنەگرتن هەتا بەرامبەرەكەت وا هەست بكات كە نیازتە تەقە بكەی بەم شێوەیە ترسێكی لە دڵدا دروست بكەی. دواتر گەر پێتوابوو حەق بەتۆیە فیلمە گیراوەكە نیشانی پۆلیس بدەی.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکـــی بەڕێز لەبارەی ئەو نایلۆنە روون و شـــەفافەی دەخرێتە ســـەر مۆبایل بە وتەی بەرهەمهێنەرانی بۆ ئەوەی کە مۆبایلەکە لەبەرکەوتن و کەوتنە خوارەوە بپارێزرێت دەپرسێت، ئایا ئـــەو پارچە نایلۆنە کە خۆی زۆر تەنکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەبەرکەوتن و کەوتنەخوارەوە بەرگری بکات؟

خوێنەری بەڕێز ئەم دڵقە نایلۆنە لە راستیدا لە ئاست کەوتنە خوارەوە و بەربوونەوەدا هیچ کاریگەرییەکی نییە، چونکە نابێتە هـــۆی ئەوەی کە زەربە بگێڕێتەوە، بەڵام ئەم دڵقە روونە بۆ ئەوە باشە کاتێك مۆبایلەکە دەخەیتە گیرفانتەوە لە ناو ئەو شتانەی لە گیرفانتدایە وەك تەسبیح و قەڵەم و شتی لەم بابەتە نەڕووشێت. بـــۆ ئاگاداریتان ئەمە تەنیا بۆ مۆبایلە کۆنەکان دەگونجا بەڵام مۆبایلە هۆشمەندە نوێیەکان پێویســـتیان بە هیچ شتێك لەمانە نییە، چونکە شاشـــەکەی لە مادەی "گۆریلا گلەس" چێکراوە کە لە ئاست رووشان و کەوتنە خوارەوە بەهێزە.



## تەبلێتەکەی لینۆڤۆ رکاب

تەبلێت چەند ســـاڵێکە گشـــتگیر بـــووە و نیازی هەیە کۆمپیوتـــەری جۆری لاپتۆپ لە مەیدانەکە بخاتە دەرەوە، هەروەکـــو چـــۆن لاپتۆپ تـــا رادەیـــەك مەیدانەکەی بە کۆمپیوتەری سەرمێز چۆل کرد، رۆژ لەگەڵ رۆژ تەبلێتی نوێ بەرهەم دێن کە توانایی و کارکردیان خۆی لە توانایی و کارکردی لاپتۆپ دەدەن.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای لینۆڤۆ نوێترین تەبلێتی خۆی بەناوی Thinkpad10 هێنایە بەرهەم کە شاشەکەی 10 ئینجە و کامێراکەی 8 میگاپیکســـلە، هەروەها شوێنی داکردنی داتاکان واتە هاردەکـــەی 64 و هەروەها 128 گیگابایتە. تەبلێتـــی ناوبراو قەڵەمێکی دیجیتالی لەگەڵدایە و توانای

## فێنککەرەوەیەک لە ژێر خاکدا!

سەردەمی خۆی و رەنگە هێشتاش وابێت خێـــڵات و مەڕدارەکان پەنیـــر و ژاژی و لۆرکیان لە کویە یان لە پێســـتە دەخســـت و دەیانخســـتە ژێر خاکـــەوە بۆ ئەوەی تێك نەچێت و خراپ نەبێت.

تەکنەلۆژیایەکی نوێ بە سوودوەرگرتن لەم بیرۆکەیە سەلاجەی جۆری ECOOLی بەرهەم هێناوە کە ئەو شتانەی تێیدەخەی بە سەلاجەکەوە دەچێتە ژێر خاك. ئەم سەلاجەیە مەترێك زیاترە ئاو و ساردەمەنی دیکە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر خاکدا بەساردی دەهێڵێتەوە، دیارە ئامێرەکە زیاتر شـــێوەی سەرنجڕاکێشانی هەیە ئەگینا لەم سەردەمەدا کێ هەیە شەربەت و نوشابە و ئاو بخاتە ژێر خاکەوە بۆ ئەوەی سارد بێت.





## سایتێک بۆ وەرگرتنی پرۆگرامە پۆرتێبڵەکان

پرۆگرامی پۆرتێبل ئەم پرۆگرامانەن کە بۆ کارکردن پێویستیان بە دابەزاندن و ئینســـتۆل کردن نییە، هـــەر خۆیان دەکرێنەوە و کاریان پێدەکرێت، پرۆگرامە پۆرتێبلەکان سوودێکی زۆریان هەیە، بـــۆ نموونە تۆ گەشـــت دەکەی و کۆمپیوتەرەکـــەت لەلا نییە، تەنیا فلاش میمۆریت پێیە، نیازت هەیە لەســـەر کۆمپیوتەری کەســـێکی دیکە پرۆگرامی فۆتۆشـــۆپ یان گوگل کرۆم یان هەر پرۆگرامێکی دیکە بـــەکار بێنی، بەڵام کۆمپیوتەرەکە ئەم پرۆگرامی نییە، دەکرێت پرۆگرامی پۆرتێبل کە لەســـەر فلاش میمۆرییەکەت بەبێ ئەوەی لە کۆمپیوتەرە دایبەزینی کاری پێ بکەی و هەرکاتێکیش فلاش میمۆرییەکەت دەرهێنا پرۆگرامەکە لەســـەر کۆمپیوتەرەکەی دیکە نامێنـــێ، بە کورتی پرۆگرامی ســـەفەری. ســـایتی portableapps.com ئەم سایتە کە بۆ وەرگرتنی پرۆگرامی پورتێبل زۆر گونجاوە، سەدان پرۆگرامی پورتێبلی تێدایە و بەبێ بەرامبەر دەتوانی دایان بەزێنی.



## ـــەری لەگەڵ لاپتۆپ دەکات

پشتیوانی کردنی لە تۆڕی G4 هەیە و پەنجەمۆر دەناسێ و شوێنی خوێندنەوەی سمارت کارتی هەیە.

تەبلێتەکە سیســـتەمی windows8ی لەسەرە و هەروەها کەلێنـــی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی کـــە میمۆری زیاتری بۆ دابندرێـــت. کیبۆردێکی تایبەتیشـــی لەگەڵدایە هەر لە بەشـــی کیبۆردەکەدا تەچ پەدی لەمســـی هەیە، جگە لەوەش داکێکی duckی تایبەتیشی لەگەڵدایە کە شوێنی ســـێ USB تێدایە و یەکێك لە شوێنەکان هەمیشە ئەکتیڤە تەنانەت ئەوکاتەی کە تەبلێتەکەش دەکوژێتەوە، چونکە بۆ شـــەحنکردنەوەی مۆبایل و کامێرا و شتی دیکە سوودی لێوەردەگیردرێت.

## ستۆدیۆیەکی دیجیتالی یا تەبلێتێکی بەهێز



کۆمپانیای Wacom هەوڵیداوە ئامێرێکی هەمە کارە کە خـــۆی تەبلێتێکی گرافیکـــی بەهێزە بەرهەم بێنێ تا شوێنی ســـتۆدیۆیەکی دیجیتالی بگرێتـــەوە، تەبلێتی جـــۆری cintiq companion تەبلتێکی گرافیکی بەهێزە و دوو سیستەمی windows و android دەخوێنێتـــەوە. تەبلێتی ناوبراو وەکـــو ســـتایل جیاوازییەکی لەگەڵ تەبلێتی دیکە نییە و شاشـــەکەی 13 ئینجە و کوالیتی نیشاندانی فول ئیچ دییە، بارســـتاییەکەی 17 ملمە و کێشەکەی نزیکـــەی دوو کیلـــۆ دەبێـــت، دەکرێت بڵێیـــن بە قەد لاپتۆپێکە. کامێرای 8 میگاپیکســـلی و 2 میگاپیکسلی لەسەرە، ستاندێکیشی لەگەڵە کە دەکرێت هەم بەجیا بێت و هەم تەبلێتەکەی لەسەر دابندرێت.